شیعر



## ئەحمەدی مەلا

♦♦♦♦

دیسانەوە باسی تەنیاییيە لەم وڵاتە پڕ پێ و ڕێ و شەوی بێ ئەستێرەی هەتا بەیانییە، خەمی مرۆڤایەتی گەورەترین دڕکی نووکتیژ و بەر چەرمی دڵێکی ناو گێژەنگی ئەم تاریکییە سەرلەبەیانییە دەکەوێت و
بریندار دەبێت.
باران کۆتایی نایەت و هەوریش تا دێت نزم دەبێتەوە و
لە پەنجەرەی باڵەخانەکانەوە مۆمە قەشەنگەکان دەکوژێنێتەوە.
باران تەڕم ناکات تا هەتاو هیشکم کاتەوە.
هۆڕینێکی گەورە وەخت بوو ئافرەتێک و سەگەکەی بتلیسێنێتەوە.
خوێنی جەستەم کەوتە هاتوچۆیەکی شێتانە و
خۆم بە قاوەخانەیەکدا کرد، چایەکی نیمچە تاڵم خواردەوە،
جگەرەیەکی تاڵم داگیرساند.
ئەوەندە ماندووم لەسەر شووشەی ئاوێنەکەدا گەورەتر دیارم.
بیست و حەوت ساڵ تەمەنێکی زۆر کەمە بۆ ژیان، بەڵام سەفەر و دەردەسەری پیاو پیر دەکات. دڵم هێشتا چەکەرەی هیوا و دواڕۆژێکی دوور دەردەکات و فرمێسکەکانم پڕ لە زەردەخەنەی پڕ لە ئەستێرەی ئاڵن.

"دەرگـە داخـراوەکـان" ناوونیشـانی شـانۆگـەرییـەکی سـارتەرە، ئەم ئێـوارەیە بە دڵشکاوی گەڕامەوە، چونکە جێگەی بەتاڵ نەمابوو، قۆڵم بۆ هەفتەی ئاینده هەڵکرد.

بە راسـتی قینم لێتانە، هەرگیز حەز ناکەم گوێم لە قسە خـاو و مـاندووەکانتان بێت. لە نیـوەی شـەوێکی درەنگدا، دوای شـەراب خـواردنەوە، بە چڕنووک و ددان بەربـوونەتە ناویـەک، چاکـەتە بۆرەکـانتـان لەتوپەت بوو، لە نـاو بەفـرە مـاوەکـەی نیوەشەو خـەوتان لێ کەوت و خەونتان بەوە دەبینی کە لە ناو لمێکی بێ بندا، لەسەر سک دەخشێن وەکو ئەو بۆقانەی لە سـەرەتای زسـتـانـدا هەنـاسـەیان لێ دەبڕێت و تێر قوڕ دەخۆن تا دەخەون. لەسەر سووچی کۆڵانێک کرۆشک دەدەم و خەونەکانم دەجووم و کـاوێژ دەکەم وەک بزنێکی رێگە لێ ونبـوو، شـەکەت و مـاندوو. دەمەوێ ئەوەندە لێتان دوورکەومەوە تا دەکەومە ناو چنگی کچۆڵەیەکی باخچەی منداڵان و لە کۆشێکدا وەکو هەتاوێکی گەرم هەڵدێم.

جنێڤ، سویسرا، ١٩٨٥

